# نامەیەکی کراوە بۆ بەردەم حکومەت و وەزیری دادی هۆلەندا

**لەبارەی کوشتنی ژنە کوردیك " سهام قەیرانی" بەبەهانەی شەرەف**

**بەرێز کاربەدەستانی حکومەتی هۆلەندی**

**بەرێز وەزیری داد (M.C.F.Verdonk)..**

**پاش سلاو...**

چەند رۆژ لەمەوبەر لەرێگەی نوێنەری رێکخراوی ئازادی ژنانی عیراق لەهۆلندا " ئەستیرە محمد" ، لەهەواڵی کوشتنی ژنێکی کورد بەناوی (سهام قەیرانی) لەشاری دێلفت، لە رۆژی 13 نیسان2004 ، ئاگادار بوومەوە. سوهام لەکارەساتێکی ئەوپەری نامرۆڤانەو بەدرانداترین شێوە لەلایەن مێردەکەیەوە جەستەی بە چەقۆ لەت وپەت دەکرێ و گیانلەدەست دەداو پاشان مێردەکەی سەربەرزانە وبەپێی خۆی، خۆی تەسلیمی پۆلیس دەکات. بەداخەوە تائێستا پۆلیس و میدیای کاربەدەستی حکومەتەکەی ئێوە لە هۆلندە هیچ شتێکی لەبارەی ئەم تاوانە دژی ئینسانیە رانەگەیاندووە و بەم جۆرەش فرسەتی ئەوەتانداوەبە کۆمیتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەروەك عادەتی پێشوویان نامەیەك بۆ کومیونتی کورد بلاوبکەنەوە تا پاساو بۆ ئەم تاوانکارییە بهێننەوە و رق و نەفرەتی خەلکی ئینساندۆستی کورد لەم تاوانە وەحشیانەیە خاوبکەنەوە. ئەمە هەر ئەو کارەیە کە پێشتریش لەتراژیدیای مەرگی کەژال کەریم (وەفا) لە هۆلەند وە هێشولە لەندەندا لەخۆیان نیشاندا...

بەلام سوهام قەیرانی تەنها ژنە کوردێك نییە کەلەژێر سایەی حکومەتەکەی ئێوەدا بەوجۆرە و بەبەهانەی شەرەفەوە گیانی قەصابی دەکرێ و لەنێو دەزگاکانی راگەیاندنی ئێوەدا بیدەنگەی لێدەکرێ. بەلکولەچەند ساڵی رابردوودا شەپۆلێکی ژن کوشتن کە بەبەهانەی ناموسپەرستیو شەرەفەوە رووی لەولاتی ئێوە و باقی ولاتانیتری ئەوروپا لەوانەش بریتانیاو دانیمارك و سوید کردووە، چەندین قوربانی بەدرندانەترین شێوە لەژنانی کوردستان وەرگرتوە. فادیمە و پیلا و سەیران و کەژال وصوبحیەنادر و هیشووی 16 سالانە و هەولدان بۆ کوشتنی شیما و پرتەقاڵ کچیلەهولەندە، نمونەی قوربانییەکانی ئەم شەپۆلی ژن کوژییەن و کەسیش نازانی سبەینی چەند ناویتر بۆ لیستی ئەم نمونانە زیاد دەبن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کەهۆی ئەوە چییە وا ژنانێك بەدەستی ئازیزانیان، یانی براو باوك و مێردەکانیان بەسادەیی لەولاتانێکی وەك ولاتەکەی ئێوە کەبەشێکی زۆر لەئازادی و مافەکانی ژنان تیایدا بەرەسمی ناسراوە دەیانگاتی و بەو شێوە نامرۆڤانەیە دەکوژرێن؟ بەراستی کێ بەرپرسیارە لە رووداوە دلتەزینەکانی کوشتنی ژنانێك کە بەهانەی ناموس و شەرەفی لەپشتەوەیە؟ دەبێ چی بکرێ بۆ ئەوەی ئەم مەترسی و هەرەشەیە لەسەر ژنان لابرێ و ژیانیان ئاسودەبێ؟

رێگام بدەن با لەوەلامی ئەم پرسیارانەدا بۆچوونەکانی خۆم بەنوێنەرایەتی کەمپینی جیهانی لەدژی کوشتنی ناموس پەرستی ژنان پێشکەش بەئێوەبکەم:

دیاردەی کوشتنی ناموسی ژنان ریشەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو فەرهەنگە ئیسلامی – میللیەی کە لەولاتانی رۆژهەلات، لەوانەش کوردستانی عیراق کەژنان وەك بەشێك لە شەرفی پیاوان و ناموسی خێزان و تیرە رەچاودەکات، فەرهەنگێك کە نەك هەر ئازادی و مافە فەردی و مەدەنییەکانی ژنان ناسەلمینی بەلکو ژنان وەك سەرچاوەیەك بۆ شەرمهێنان و سێکسیزم تەماشادەکات و مافیش بەپیاواندەدات کەبۆ پارێزگاری لە ناموس و شەرەفی خێزان کۆنترۆلیان بکەن و هەرکاتیکیش کردەوەیەکیان لیبینرا کە پێچەوانەی ئەم فەرهەنگەیە ئەوا مافی پیاوانە کە لوت وگوییی ژنان ببرن تەنانەت بەسەر بەرزییەوە لەنێو شەقامەکان و بەبەرچاوی کۆمەلگاوە بیان کوژن. بەلام ئەوەی ئەم فەرهەنگ و سونەتە دواکەوتووەی بەسەر نیوەی کۆمەلگاوە راگرتووە، ئەوەی کەهۆکارێکە تا براوباوك و مێرد بەوپەری دلرەقییەوە دەستی تاوان کاری لە کچ و خوشك ودایك و ژنانی هاوسەریان بوەشینن، نیزام و دەسەلاتیکە کەبەسەر خەلکی ئەم ولاتانەوە داسەپێندراون. کاربەدەستان و حکومەتانیك کەبەپشت بەست بەشەریعەتی ئیسلامی و پیرۆز راگرتنی داب و نەریتی عەشیرەتی و قەومی، قانونی ئەحوالی شەخسی و سزایان دارشتووە و بەم جۆرەش نەك هیچ ماف و ئازدییەکیان بۆ ژنان بەرەسمی نەناساندووە بەڵکو کوشتنی ژنانیان بەبەهانەی شەرەفەوە لەقانوندا تەبریرکردووە و رۆژانەش ئەم پاساو بریارانە لەمزگەوتەکان و قوتابخانەو دەزگاکانی دەولەتەوە پەخشاندەکرینەوە و وەختیکیش تاوانەکانی ناموسپەرستی روودەدەن تاوانباران ئازاد دەکرین. بەمجۆرەش کۆمەلگایان وابەبار هێناوە کەسەختترین و نامرۆڤانەترین کارەسات دەرهەق بە ژنان وکچان قبول بکات. رووداوەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف لەکوردستانی عیراق لەماوەی 12 ساڵی رابردووی ژێر سایەی دەسەلاتی یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا تائیستا گەیشتووە بە9هەزار ژن و رۆژانەش بۆئەم ژمارەیە زیاد دەبێ. هەموو ئەمرووداوانەش قوربانییەکانی ژنانێك بوون کەبەهۆی پەیوەندی گرتن وەیا داواکاری بۆ جیابوونەوە و هەلبژاردنی ئازادانەی هاوسەر و لەبەرکردنی پۆشاکی دلخوازی خۆیان وەیا رازی نەبوونیانەوە بووە بەوەی کە براو باوکیان

بەزۆر بەشویان بدەن.. بەم حالەوە ولەکاتێکدا کە پەنابەرانی کورد و خێزانەکانیان روودەکەنە ولاتانی ئەوروپا بەهەمان فەرهەنگی خۆماڵی‌یانەوە مامەلە لەگەل کەسایەتی ژنان دەکەن و حالەتێکی واش دیاردەی کوشتنی ناموسی بە پێویست بەرهەم دینیتەوە. بەلام لایەکی تری راستی‌یەکانی تاوانی کوشتنی سوهام و ئەوانی تر ، راستەو خۆ بەرپرسیاریتی‌یەکەی دەخاتە ئەستۆی حکومەت و دەسەلاتدارانی ئەوروپایی‌یەوە، لەوانەش دەولەتی هۆلندا.

حکومەتی هۆلندی لەلایەك بەپێی سیاسەتی "مولتی کەلچرالیزم" ئیحترام دادەنی بۆ فەرهەنگی ئیسلامی و میللی پەنابەرانێك کە لە رۆژهەلاتەوە هاتون و بەم جۆرەش فرسەتی داوە بەوەی کەمنالان و کچانی ژێر 16 سالانە بەزۆر لەلایەن دایك و باوکیانەوە حجاب وەیان خەتەنەبکرین و بەبێ ئیختیاری خۆیان بخرینە نێوقوتابخانە ئایینی‌یەکانەوە و لە چوارچێوەی داب و نەریتی نەتەوەیی و ئیسلامی وخۆمالیدا لەقالب بدرین. حکومەتی هۆلندا کە پەنابەران لەنێو کەمپەکان دادەنی و لە شاری شارستانی وولات دایان دەبری و بەهەمان قانون و مافی هاولاتی‌بوونی یەکسانەوە مامەلەیان لەگەل ناکات لەلایەك زەمینەکانی توندوتیژی لەنێو خێزانەپەنابەرەکان بەدژی ژنان وکچان رادەگری و لەلایەکی‌تریشەوە ئیزۆلەکردنی پەنابەران و تێکەلاونەبوویان بە هەلومەرجی کۆمەلگا بەسەریاندا دادەسەپێنی و لەنێو زیندانی خێزانەکاندا ژنان و کچانی پەنابەر بەدیار فەرهەنگێکی پیاوسالار و ناموسپەرستانەوە لەچاوەروانیدا رادەگری. وەهەر کاتێکیش ئەم کچ و ژنانە لەپەیوەندیەکی ئازادانەدا خۆیان بیذی‌یەوە وەیا وەك هەر ئینسانێکی هۆلندی داوای جیابوونەوەو هەلبژاردنی شێوەی ژیانی خۆیانکرد ئەوا لێدان و ئەتککردن و کوشتن چاوەروانیان دەبێ. ئەمە ئەو واقعیەتەیە کە لەژێر سایەی سیاسەت و مامەلەی دەولەتانی ئەوروپا لەوانەش دەولەتی هۆلندا دەبێتە مایەی خولقاندنی کارەساتەکانی کوشتنی ناموسی. بەلام دەبی چی بکری بۆبەرگرتن بەم دیاردەیە؟ دەبی حکومەتی هۆلندا چ ئەرکێك لەئەستۆی خۆی بنی تا ئەم مەترسی‌یە لەسەر ژیانی ژنانی پەنابەر هەلگرێ؟

ئێمە لە کەمپینی جیهانی بۆکۆتایی‌هینان بە دیاردەی کوشتنی ناموسی ژنان کەلەچەند ولات کاردەکەین ئەم هەنگاوانەی خوارەوە وەك ریگایەکی سەرەتایی بۆ حکومەتی هۆلندا پێشنیار دەکەین:

1- یەکسان بوونی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا. هیچ بەهانەیەك قبول نەکرێت بۆ ئەو کەسانەی کوشتن و توندو تیژی لەدژی ژنان و منالان ئەنجامدەدەن. و هیچ تەبریرکی فەرهەنگی دینی و قەومی و پیاوسالاری بۆ ئەم تاوانانە قبول نەکری. ژنانی پەنابەر وەك هەموو ژنانی هۆلندی یەکسانن لەماف و ئازادی‌یە فەردی و مەدەنی‌یەکانیان و ژێر پینانی لەلایەن براو باوك و میردەوە بەتاوانی گەورە حساب بکریت.

2- حیجاب کچانی خوار 16 سال و خەتەنەی منالان فەدەغەپە وەدەبیت بەیاسایەك رابگەیەندریت.

3- هەلوەشانەوەی قوتابخانە ئاینی‌یەکان و راگرتنی هەرجۆرە ئیمکاناتیکی دەولەت بۆ هەردامەزراوەیەکی ئاینی و قەومی کە ناکوکی‌یان هەیە لەگەل ئازادی و مافەشەخسی‌یەکانی ژنان و منالاندا.

4- کۆتایی هێنان بە جیاکردنەوەی کەمایەتی‌یەکان و هەلوەشانەوەی سیاسەتی کەمپسازی پەنابەران و دانی بەرنامەیەکی چالاك بۆ تیکەلاوبوونی ژنان و منالانی پەنابەر و پەروەرەدکردنیان بەفەرهەنگی پیشکەوتوو ئیسانی و هاوچەرج .

5- دەولەت ئەرکیەتی کە لەدژی هەرجۆرە فەرهەنگیکی پیاوسالار و ناموسپەرستانە و دژە ژنبوون رابووەستی و لەرێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەرنامەی هوشیارکردنەوە و رۆشنگەری لەنیو پەنابەراندا بەفراوانی بەریتە پێشەوە.

6- حساس بوونی دەولەت بەهەرەشەکانی کوشتنی ژنان و توندو تیژی‌یەك کەلەنیو خیزانی پەنابەراندا بەرەو رووی ژنان دەبێتەوە، لەمبارەوە کردنەوەی شیلەتەر بۆپاریزگاری لەژنان و ناوەندەکانی فریاگوزاری و بەهانا چوونی خێرای ئەو ژنانەوە کە مەترسی کوشتن و زەبروزەنگیان لەسەرە.

7- فشار هێنان بۆ دەولەتانی رۆژ هەلات لەوانەش بۆ دەسەلاتدارانی کوردستان بۆ هەلوەشانەوەی یاسای باری کەسیتی و سزا کە پشتیان بە شەریعەتی ئیسلام و" موقەدەساتی قەومی‌یەوە داوە و لەجێگەیدا پەیرەوکردن لە یاسایەك کە مافی یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بسەلمێنی..

ئێمە چاوەروانیمان لە ئێوە ئەوەیە کەحکومەتی هۆلەندی جدیی‌یەتی خۆی لەم مەسەلەیەدا نیشان بداو بۆ ئالوگۆر پێدانی جێگای ژنانی پەنابەری کورد و دورخستنەوەی مەترسی‌یەکانی کوشتن و توندو تیژی لەسەر ژنان بەپەرۆشەوە هەنگاو هەلگری. بێگومان لەم راستایەشدا ئێمە یارمەتیدەر وهاوکارتان دەبین.

لەگەل سلاوی دووبارەمدا...

**سەوسەن سەلیم**

**بەرپرسی کەمپینی جیهانی بۆ کۆتایی‌هێنان بەکوشتنی ناموسی ژنان** 2004\4\28

Tel: 0044 7748851125 - email: sawsan..s@ukonline.co.uk